هەرێمی کوردستان/ عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/ العراق

مجلس الوزراء

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران

## ژمارە (١٥) لە ٢٠١٩/٨/٧

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە ماددەی (هەژدەهەم) لە پەیڕەوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٦، و لە چوارچێوەی فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٤٣) لە ٢٠٠٩/١/٢٠ تایبەت بە پێکهاتە و ئەرك و بەرپرسیارێتی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٤) لە ٢٠١٩/٨/٧، بڕیاردرا بە:

**یەکەم:** فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە کەناڵی فەرمیی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بۆ گەیاندنی پەیام و دید و سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە دونیای دەرەوە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، هاوکات پردی پەیوەندییە لە نێوان دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و نێردە و نووسینگەی وڵاتان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە گشتی لە هەرێم، بۆیە پێویستە گشت وەزارەت و دامەزراوەکانی تری حکومەتی هەرێم ڕەچاوی تایبەتمەندێتی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە بکەن لە کاتی ڕێکخستنی دیدار و واژووکردنی ڕێککەوتننامە و یاداشتی لەیەکترگەیشتن و داواکاری هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ وڵاتانی بیانی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

**دووەم:** پێویستە بەرپرسانی حکومەتی هەرێم خۆیان بپارێزن لە لێدوان و شیکردنەوە و سەرنجدان لەسەر سیاسەتی وڵاتان و ئەو پێشهاتانەی کە لە جیهان و ناوچەکە ڕوودەدەن لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و سۆشیال میدیا، فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە و وتەبێژی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کەناڵی فەرمی دەبن لە گەیاندنی پەیام و سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەرامبەر پێشهات و ڕووداوەکانی جیهان و ناوچەکە.

**سێیەم:** پێویستە هەموو داواکارییەکی وەرگرتنی ڤیزەی فەرمی وڵاتان لە ڕێگەی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە بێت وەك یەکێك لە ئەرکەکانی فەرمانگە کە پێشکەشکردنی ئاسانکارییە بۆ وەرگرتنی ڤیزەی وڵاتان لە ڕێگەی کونسوڵگەری و نێردەی دیپلۆماسی وڵاتان لە هەرێم بۆ تەنها شاندی فەرمی دامەزراوەکانی هەرێم.

**چوارەم:** وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران